www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:09 4-10-2006

# دیسان دیاردەی کۆچ کردن سەری هەڵداوە ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

خورماتوو
abdullagermiki@yahoo. com

دیاردەی کۆچ کردن لەکوردستاندا لەمێژەوە بوونی هەبو وە بەهۆی ئەوەی نیشتمانەکەمان داگیر کراو بوە. ئیدی بۆ خۆ رزگار کردن لەکوشتن و برین و ئەو ژیانە ناخۆشە کە دوژمن بەسەرماندا ئەیهێنا و دەیهێنی سەری خۆیان هەڵدەگرد و رێگای هاتونەهاتیان پی چاکتربو لەم ژیانە. لەباشوری کوردستاندا پتر ئەم دیاردەیە لەدوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (1991) وە سەری هەڵدایەوە ئیتر لەسالآنی نەوەتەکانەوە بەلێشاو خەڵك کۆچی دەکرد بەرەو تاراوگە لەسەرەتایی ساڵی دوهەزار و دووهەزارو دوو ئەم دیاردەیە هەندی کەم بوەوە بەلآم دوای روخانی رژێمی بەعس بەتایبەت لەم ساڵەدا بەلێشاو دەبینی گەنجان بەرو هەندەران کۆچ دەکەن. هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵهاتنەش بۆ نالەباری رەوشی ئاسایش و ئابوری و ونەبونی ئاو کارەبا و.. تاد ئەمانە باڵنەرن بۆ چونە دەرەوە وایان لی هاتوە ئیتر بەتەواوەتی قۆرخو و بی هیوابوون کە رۆژێکی خۆش تازە ببینن لەم نیشتمانەدا. هەنوکە گوایە ئێمە لەسەردەمی ئازادیدا دەژین و رژێمی سەدام روخاوە بەلآم ئاشکرایە ژیانمان لەهەموو روەکانەوە ناخۆش خراپ بوە ئەمەش نایەتە ئەو مانایەی ئێمە ئەم ولآتی جی بهێڵین نا بەڵکو دەبێت خەبات و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستە کەین و بەڵکو هەندی گۆرانکاری بە ژیانماندا هات وەك دەزانرێت گەلی کورد زۆر بەسەبر بوە هەمیشە لەدەربەدەرو ئاوارە بوە با هەوڵدەین بۆ ئەوەی ئەم ژیانە خۆش کەین.

دیارە ئەم دیاردەیە کە من مەبەستی سەرەکیمە لەپارچەکانی تری کوردستان جیاواز ترە ئاشکرایە گەر هەندی زانیاریمان هەبێت دەربارەی باکوری کوردستان ئەوانیش خەڵکێکی زۆریان لەدەرەوەیە هۆی سەرەکی دەرچونیانیش رژێمی شۆڤێنێکەی تورکیایە کە لەسالآنی رابردوو هەتاکو زمانی کوردیان لی یاساغ کرابو وە هیچ مافێکی سەرەتایانیش پی رەوانابینری. لەرۆژهەلآت و رۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان شێوەیە ئەو رژێمانەی کە بەسەریانەوەیە تا دوا رادە دیکتاتۆرن. ئەمەش بەراستی نابێت لەم رەوشە رابکەن ئەبێت هەوڵ کۆشەش بدن تاوەکو رۆژێك هەر دێت ژیانیان باش بێت رژێمەکانیش هەر رۆژێك بۆ ئەوانیش دەروخێن چونکە دونیا مۆدێرن و پێشکەوتن، بیرۆکەی پاش کەوتن و ئاغاچێتی و فێودالی و تۆتالیتاری پەسەند ناکات. باشە کی دەیگوت سەدام دەروخی؟ ئەو هەمو هێزەی هەبوو هەر لەحەرەس جمهوریەوە بگرە تا دەگاتە ئەمن و ئیستخبارات و موخابرات و.. تاد بەلآم جام کە پڕ بو لی دەرژی بێشك.

زۆربەی ئەو گەنجانە کە دەیانەوی برۆن یان لەم ماوەیەی رابردوودا گەنج گەلێك چون لەبەر مادە نییە بەڵکو لەم ژیانە دۆزەخە دەیانەوی رزگاربن. من بۆ خۆم زۆر لەو گەنجانە هێناوەتە قسە پێش ئەوەی کۆچ کەن دەلێن دەمانەوی ئەم چەند ساڵەی تەمەنمان بە خۆشی بیبەینە سەر ئەگینا لەبەر مادەمان نییە ئەم خاڵە زیاتر هانی دام بۆ ئەوەی ئەم بابەتەبنوسم چونکە نیازی شتێکی وامە نەبو نوسەر گەلێك هەبوون دەربارە کۆچ کرد نوسینیان نوسی بو ئیدی هەر یەکە و بە شێوازێك. بەلآم من دوای ئەوەی کە چەندین جار پرسیارم لەو گەنجانە کردوە هۆی دەرچونتان بۆ جی دەگەرێننەوە زیاتر وەك باسم کرد دەیانەوی تەنیا لەم ژیانە ناخۆشە نەجاتیان بی و بۆ خۆیان برۆنە ولآتە ئەوروپێکان ژیانێکی ئەورپیانە و خۆش بەرنە سەر. زۆر لەو کەسانەش کە دەچن تییاندا هەیە خوێندکارە

دەستبەرداری خوێندن ئەبی یان هەیە فەرمانبەرە یانیش ژمارەیەکی زۆری بی کارە ئیدی ژیانی ئەوی بە باشتر دەزانن.

بەراستی ئەبێت حکومەت وەك دەڵێن باوکی میللەتە بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا زۆربەر شتەکان بە پێچەوانەوەیە ئەی ئەوە. لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا وزارەتێك پێك هات بەناوی وزارەتی وەزش ولاوان بەڵام تا ئێستا وەك دەزانین هیچ کارێکی ئەو تۆیان نەکردوە بۆلاوان یانی شتی سەرەتای وایانە نەکردوە پێشم وانییە بەرنامەیەکی وای هەبێت کە لاوانی کوردستان رێگایەکی دیکەیان بۆ بدۆزنەوە و کێشەکانیان چارەسەر کەن. بانگەوازی من بۆ ئەو وزارەتە ئەوەیە ئەوان گەر بەراستی وزارەتی لاوانن و بۆ ئەوە دامەزراون خزمەت بەم توێژە بکات با هەڵسی بە کارێکی گونجاو بۆ ئەوەی رێگە بەو لاوانە نەدەن برۆنە دەرەوە ئەمەش ناڵێم بەزۆرە بەگی کاتێك تۆ نایەڵی بچێتە دەرەوە خۆ ئەبێت کارێکی دیکەت بۆی هەبێت. بەراستی ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئاسان نییە و لاوانەیە کارەساتی لەدواوە بێت چونکە بەراستی لاوان وەك دەڵێن هێزی دینامیکی کۆمەڵگان گەر ئەو هێزی بڕێکی کۆچ بکات و بڕێکی بی هیواو بی ئومێد بێت و ئەو بڕەکەی تریشە دەست بەکڵاوەکەی خۆیەوە دەگرێت بۆ ئەوەی بانەیبات ئەی ئیتر چ هێزێکی دینامیکین. بی گومانم لەوەی کە ئەم کارەش بە رێکخراوە گەنجانەکان ناکرێت تا لەحیزبەوە بڕیار و فەرمانیان بۆ بێت یان تا کەسە بەتەمەنەکان رابەرایەتیان کەن نا توانن کاری پۆزەتیفی باش بە ئەنجامدن چونکە مرۆڤی پیر ناتوانێت وەك گەنج باشتر بیربکاتەوە ئەی بۆ ووتویانە رێکخراوی گەنجان حەتمەن ئەبێت گەنج بن بەڵام ئەبینی لەم نیشتمانەی ئێمەدا وانییە بۆیە هەر کێشەیەك سەر هەڵبدات چارەسەرکردنی زۆر گرانە هەندی چاریش هەر بی چارە دەمێنن ئی گەر وڵاتێك هەر کێشەو گرفتێك نەتوانی چارەسەر بکات. بۆنمونە وەك دیاردەی کۆچ کردن و چەندین و چەندین دیاردە و کێشەی دێکە ئی ئەو وڵاتە ئەبێتە وڵاتێکی پڕ کێشە و ئاڵۆزی چونکە گەر هەموو کێشەکانیش کەڵەك بوون رۆژێك ئەبێت ئیدی تەحەمول نامێنێت و رێگای دیکە ئەگرێتە بەر وەك لەم ماویەشدا خەڵك چەندین ساڵە هەر تەحەمول و سەبری کرد بەڵام ئیدی سەبری نەما و هی ئەوەبو گەل لەچەند شار و شارۆچکەیەکدا دەستی کردە نارەزای دەربرین گەر ژیانمان وا بمێنێت ئەو چاوەروانی شتی خراپتریش ئەبین. لەکۆتایدا هیوادارم لایەنەبەرپرسەکان و گەل بۆ خۆی و پێکەوە بەدوای چارەسەریەکی گونجاودا بگەرین بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە زیاتر بڵاو نەبێتەوە...